# ڕاست کردنەوەی ڕێگای خوار

## خراپترین درۆ

مەلا جاسم

دوای ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) کۆچی دوایی کرد وهاوەڵەکانی بەرەو شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە بە کون و کەلەبەری وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە و خەڵکی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوویان کرد لەوان، بۆ ئەوەی ڕێگای پێغەمبەر (ﷺ) ون نەبێ و گوێ ڕایەڵییان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دووپات بکەنەوە، ئەوانەشی کە گەیشتن بە هاوەڵان بە مەبەستێك کە خەڵکی تر ڕوویان تێ دەکرد بۆ وەگرتنی ئەو شتانەی کە لە هاوەڵانەوە وەریان گرتووە، کە ئەمانە لەناو خەڵکدا بوون بە پێشەواو خاوەن ڕاو بۆچوونەکانی تر پشت گوێ خران، لەسەر دەروونی زۆر کەس گران بوو، چوونکە دەیانزانی خەڵکی گوێیان لێ ناگرن و تەنها ڕوویان کردووە لەو کەسانەی کە فەرموودە لە هاوەڵانەوە دەگێڕنەوە، بۆیە ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر دەست بکەن بە درۆکردن بەدەم هاوەڵانەوەو خۆیان بەو کەسانە دەربڕن کە لەوانەوە شت وەردەگرن، ئەم کارە درێوە بەردەوام بوو هەتا زانایانی ئیسلام بەگەرمی بە گژیدا هەڵچوون. بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ئەم کارەیان قەڵاچۆ کرد و درۆزنیان ڕووڕەش کرد لەبەر چاووی موسوڵمانان هەتا هەتایە، ئەویش بەوەی کە کەوتنە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی یەك بە یەکی ئەو کەسانەی کە فەرموودەیان دەگێڕایەوە، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك ناسراو بێت بەوەی یەك فەرموودەی گێڕاوەتەوە ژیان نامە و شوێنی لە دایك بوون و مامۆستاکانی و هەروەها ڕێژەی لە خوا ترسان و ڕاست گۆیی ئەو لە ناو خەڵکدا و ... هتد، دەنوسرایەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر مرۆڤێکی ناسراوبێت بە درۆ هەر کە وترا لەو بیستراوە ئیتر تێبگەن کە درۆی کردووە. ئەم کارە بوو بەزانستێکی تایبەت و لەناو زانایان بە عیلمی ((الرجال)) یان عیلمی ((الجرح والتعدیل)) ناو زەد کرا، کە زانستێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی باری ئەو

کەسانەی کە فەرموودە دەگێڕنەوە، لە ئەنجامی ئەم کارانەدا چەندین کتێبی گەورە دانرا لەوانە کتێبی ((الکمال)) کە دانراوی ((الحافظ المزي))ە و لەسی و شەش بەرگی گەورە پێك هاتووە تەنها باسی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە دەکات، ئەوەش یەکێکە لە دەیان دانراوەی گەورەی تر کە زانایان شەونخونییان بە دیارەوە کرد بۆ پاراستنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە درۆ و دەلەسەی خراپەکاران، ئەوە بوو پاش کۆ کردنەوەی فەرموودەکان هیچ مەودا نەما بۆ درۆزنان چیتر درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) بکەن، تەنها ئەوە ما کە زانایان بکەونە ناو فەرموودە کۆکراوەکان و هەرچی کەسانی خراپ و نەزان ڕیوایەتیان کردبێ دەری بێنن و خەڵکی موسوڵمانیان لێ ئاگادار بکرێت.

کەوابوو کۆششی زانایانی ئیسلام هیچ مەودایان بۆ هەڵبەستنی فەرموودە نەهێشتەوە و چیدی کەس توانای ئەوەی نییە تەنها ووشەیەك هەڵبەستێ و یەکسەر زانایان و قوتابیانی فەرموودەناس لێیان ڕاست دەبنەوە و پێیان دەڵێن: ئەمەت لە کوێ بوو؟!.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تازە بە تازە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان خەریکە لەسەدەی پانزەیەمی کۆچیدا سەر هەڵدەدا و جۆرێکی تر لە درۆ کردن بەدەم پێغەمبەر (ﷺ)ەوە پەیدا دەبێ، کە بە ئاشکرا لەسەر مینبەرەکان و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەناو زانکۆکان کار بەو جۆرە فێڵە دەکرێ بۆ فریودانی خەڵکی بۆلای قسەو قسەلۆکی خەڵکی نەزان و وا لە نەخوێندەوار تێدەگەینرێ کە ئەمەش جۆرێکی تازەی فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ).

لەوانەیە هەر کەس لەئێمە دەیان جار ئەم جۆرە درۆیەی بیستبێ و هەر بە خەیاڵیدا نەهاتبێ کە ئەمە درۆ کردنە بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ)، وە کە ئەم حاڵەتە نائاساییە بوو بە دیاردە پێویستە ئێمەی موسوڵمان هەموو کەسێك لەو ڕێگە خوار و خێچە ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی نە تووشی درۆکردن بین و نەتوشی باوەڕکردن بە درۆی خەڵکی تر بین، چونکە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت: ((إنَّ كَذباً عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذبٍ عَلَىَ أحَدٍ، مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ {مُتَعَمداً} فَلْيَتَبَوَأ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)).

واتە درۆکردن بەدەم منەوە وەکو درۆکردن بەدەم کەسی ترەوە نییە، هەرکەس بەئەنقەست درۆم بە دەممەوە بکات با جێگای خۆی لە ئاگری دۆزەخدا دیاری بکات وە دەفەرموێت: ((مَنْ قَالَ عَلَيَّ مَالَمْ أقُلْ فَلْيَتَبَوَأ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)).

واتە: هەر كەسێك شتێكم بەدەمەوە بلێت كە من نەم وتبێت با جێگەی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا دیاری بكات.

ئەو جۆرە درۆیەی كە ئێستا پەیدابووە ئەوەیە كە دەبینین لە كاتی هاتنە پێشەوەی حوكمی شتێك دەڵێن: (ئەگەر پێغمبەر (ﷺ) ئێستا زیندوو بوایە وای دەكرد !!!).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە بێژەری ئەم قسەیە حوكمەكە لە پێغەمبەر (ﷺ)ەوە دەگێڕێتەوە و هیچ حوكمی ئەوی تێدانییە، بۆیە ئاشكرا دەبێت كە ئەم جۆرە درۆیە تەنها درۆكردن نییە بەدەم ئەو زاتە پیرۆزەوە، بگرە جۆرێكە لە قسە كردن لە پەنهانی (غەیب) چوونكە بێژەر چووزانێت ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) زیندووبوایە وای دەكرد ؟!!.

ڕۆژێكیان لە جێگایەك دانیشتوین باسی حوكمی بەكارهێنانی مۆسیقا هاتە پێشەوە، ئیتر لەبەر ڕوونی و بێگەردیی فەرموودەكان لەسەر ئەوەی كە مۆسیقا حەرامە و هیچ مەودای سەرسەختی كردن نەما، موسوڵمانێكی بەو جۆرە هاتە گوفتار و وتی: ((ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بوایە و لەم كاتەدا ئەم جۆرە مۆسیقایەی بدیایە بێگومان فەرمانی بە لێدانی دەكرد!!!)).

گرنگ ئەوەیە بۆ خەڵكی دەوروبەرم ڕوون كردەوە كە ئەم درۆیە و قسە كردنە لە پەنهانی، هەر چەند ئەوەی كە بە دەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموودەی هەڵبەست و كۆڵی نەدا و هەر بە فەرموودەی صەحیحی لە قەڵەم دەدا و بە سەنەدێكی عالی[1] گەیاندییە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ كەسانێكی حەق ویست دەركەوت كە ئەوە جورئەتێكی گەورەیە كە بەو شێوەیە لە خواترسان نەمێنێت و هەوڵ و كۆششی هەموو زانایان بە جۆرێكی تر لە تەڵەكانی شەیتان بە فیڕۆ بدرێت.

بۆیە بانگەوازی من بۆ هەر موسوڵمانێك كە ئەم ووشانە دەخوێنێتەوە ئەوەیە كە بەپێی توانای خۆی ئاگاداری دەور و بەری لەم درۆیە بكاتەوە بۆ ئەوەی چیتر موسوڵمانانی سادە و ساویلكە بەم جۆرە درۆیانە نەخەڵەتێن و ئەم ڕێگا خوارەش نەبێتە هۆی ئەوەی هیچ كەسێك لە ڕێگای ڕاست لا بدات.

[1] سەنەدی عال: ئەو فەرموودەیەیە كە لە نێوان پێغمبەر (ﷺ) و ئگێڕەوەكەی خەلكی زۆر نەبێت.